www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:08 1-3-2007

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران - 2706/12/9

## حیزبی هێلکەوڕۆن! ... ح. س. سۆران

بە بۆنەی ئەوەوە، کە بۆ ماوەی نزیکەی دو ساڵ، هاوکاری بەشی خەڵک ناسی (مەردوم شناسی) زانستگەی ئازادی بێرلینی رۆژاوایی بووم و وەک یاریدەدەری پرۆفێسۆر ولف گانگ روودۆلف، لە بەشی کوردناسی دا یاریدەم دەدان، پاش شەڕی جیهانی دووهەم چوومە بێرلینی رۆژاوایی. باوەکو ماوەیەکی زۆر بو، کە دێوەزمە و دایناسۆری جەنگ، مردار ببووەوە، بەڵام هێشتا شوێنەواری بەدفەڕی و نگریسی ئەو قڕەساتە لە زۆر جێگە هەر دیار بو. بۆ وێنە، گۆڕەپانی فرۆکە خانەی تێمپل هۆف، بەردەم خانووبەرەی بوندشتاگ و ئەوانە، پڕی بو لە چاڵەقووتی جێی بۆمب، تەنانەت نووچکەی کلیسای بە ناوبانگی (کایزێر)، لە نێوەڕاستی شار، بە هێرشی بۆمب و مۆمب قرتابو. جا نازانم ئێستا چاکیان کردووەتەوە یا بۆ بیرەوەری تاڵ، هەر وا ماوە؟؟؟. لە دەروازەی شاری بێرلین، لە سەر تابلۆیەکی زۆر زەلامی نیئۆن، نوسرابو " ئەم شارە داگیر کراوە !!!" و ژمارە تێلێفۆنی سپای ئامریکایان لە بێرلین، لەسەر بۆڕدەکە نووسیبو. نەیانهێشتبو تابلۆ بۆ گۆڕخانەی شەهیدانی ئەلمانی کوژراو لە شەڕ دروست بکەن، تەنیا لە سەر لەتە تەنەکەیەکی زۆر پیس، کۆن و ژەنگاوی چکۆلە، بە زمانی ئەلمانی نووسیبوویان (گۆڕستانی ئەو ئەلمانیانەی لە شەڕدا کوژراون "، نەیانوێرابو بنووسن (ئەو شەهیدانەی لە شەڕ دا کوژراون) . لە هەر سووچێکی ئەلمان، سەربازخانەیەکی ئامریکایی، ئینگلیسی یا فەڕانسەیی دەستەڵاتیان بەدەستەوە بو. ئەلمانی رۆژهەڵاتیش، تەواو بە دەست یەکیەتی سۆڤیەتەوە بو و دیوارێکی زەلامیان وەک سنووره ساختەگیە کانی کوردستانی گەورە، لە نێوان بێرلینی رۆژاوا و رۆژهەڵات دا، کێشابو. تەنانەت کێشەی قاتوقڕی نێرینە بە لەونێک بو ؛ کە بۆ پڕکردنەوەی ئە کەلێنە، پیاوگەلی فیتەریان لە یۆگۆسلاوی، تورکیا، ئیتالیا و یۆنانەوە هێنابو!!! بە کورتی، بێنی وێرانی، نەگبەتی و کاولی لەم وڵاتە دەهات. ئەمە بارودۆخی پاش جەنگ و داگیرکران بو، لە یەکەیک لە وڵاتگەلی پێشکەوتوی رۆژاوا، یانی ئەلمان.



ئەمجار با بێینە سار باسی بلۆکی رۆژهەڵاتی پاش شەڕ:
یەکێک لەو خوێندکارانەی کە ساڵی 1946، کۆماری دێمۆکڕاتیکی کوردستان، بۆ وانە خوێندن ناردبوونی بۆ یەکەیەتی سۆڤیەت، کاکم بو، یانی دوکتور عەلی گەلاوێژ، کە برای دایکی و باوکی من بو. کاکم کە لە کاتی تەواو بوونی جەنگ دا، لە یەکیەتی سۆڤیەت بو. دەیگێڕاوە:
" هیچ دەست نەدەکەوت، زۆربەی خانووبەرە کان رووخابون، کۆڵان و شەقامەکان پڕی بو لە چاڵە قووتی جێی بۆمب، کارەبا کەم بو، نەخۆشخانە هەر باسی مەکە و قات و قڕێکی سەیر بو. هەژاری و برسیەتی مارەکەی دەکرد. ئیمە کە کوردستانی بوین، هێلکەمان زۆ پێ خۆش بو، بەڵام کوا هێلکە. خوێندکارە کوردە کان بۆ گەمە و گاڵتە و لە ئاتاجیش دا، حیزبێکمان دروست کرد بە ناوی حیزبی هێلکەوڕۆن. ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبە ئەوە بو، هەوڵ بدا، لە حەوتەیەکدا جارێک، هێلکەو رۆن ساز بکەین و بیخۆین. هەمو بەتاسەی هەلکەو رۆنی بەتامی کوردەواریەوە بووین. بە هۆی کارەساتی شەڕەوە، گرانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و قاتیەکی سەقەت بو. تەنانەت کاتێ سواری فڕۆکە دەبوین، زۆر جار سەندەڵی و شتی نەبو و هەر لەسەر تەرکی فڕۆکەکە دادەنیشتین - هێندە ئاڕەفتە و کۆن بو!!!. "

---

بە کوردی دەڵێن: چۆلەکە بۆ دۆزینەوەی مێشوولە پشتی فیل دەدۆزێ!!!. ئەزیش بۆ راڤە و تاو و توێ کردنی باسی هەنووکەیی باشووری کوردستان، ئەو راستیە ئەفسانەیانەی سەرەوەوم بۆ گێرانەوە.
هەر وەک دەزانین، باشووری کوردستان، لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەولکەریم قاسمەوە، بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە، زۆرتری کات لە نێو مەتەرێزی خەبات و چەنگ و لە ژێر تەوژمی ئەنفال، تەقوڕەو، بۆمباران و گوشار دا بوە - زۆر شپرزەتر لە ئەلمان. ئەو کارەی بەسەر باشووری کوردستان هاتوە، بە قەولی هۆنەر " سەرما بە هەتیو و با بە دەواری شڕی ناکا ". هە بەم هۆیەوە، ئەمە شتێکی سروشتیە، کە کارەبا کەم بێ، نەخۆشخانە تەیار نەبێ، زانستگە زۆر پەرداخ نەبێ، شەقام و کۆڵانەکان هێشتا هەر چاڵ و چۆڵ بن، کێشەی سووتەمەنی ببێ و. . . .
گەلۆ! لە وڵاتگەلی ئێران و تورکیاش، تا نزیکەی 15 ساڵ پێش ئەم کێشانە هە موی بوون. بەڵام ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: کێ دەبێ ئەم وڵاتی کاول کراوی کوردستانە، ئاوەدان بکاتەوە؟ ئایا دوای جەنگ ئەلمانیەکان لەوڵاتی خۆیان هەڵ هاتن و ئەو وڵاتی ئەلمانەی کە ئێستا بەو ئاوەدانیە دەیبینین، کێ ئاوەدانی کردەوە؟ خۆیان یا کەسانی غەوارە؟.
ئەز کە لە دیوی رۆژهەڵاتی کورەستان دەژیم، بە سایی گەلی مەزنی کوردەوە، سەر بە هیچ تاقم و گرووپێکی رامیاری نیم، ماستاو بۆ هیچ لایەنێک ناشلەقێنم و ئەو شانازەیەم هەیە، کە بە نان و داسی خۆمەوە، خزمەتی فەرهەنگی بۆ تەواوی گەلی کورد ئەنجام دەدەم. هەر لەبەر ئەمە، هەمیشە دەتوانم پێداویستی و راستیەکان بدرركێنم:
کەس نالێ کەمووکووڕی لە باشوری کوردستان نیە. نابێ کوردستانی ژاکاوی ژێر چەپۆکە، لەگەڵ وڵاتگەلی ئینگلیس، فەڕانسە و. . . هەڵسەنگێنین، کە نزیکەی نێو هەزارە ئەربابی جیهان بوون، سامانەکەیان بە بەلاش و فیرۆ خواردوە و لە لەندەن و پاریس و ئەوانە کۆیان کردوەتە.
ئێمە بۆ ئەوەی کە لە بەدواکەوتویی و کەنەفتی رزگار ببین، وا باشە بە تالووکە و بە بێ دڵەڕاوکێ بەرەو دوندی سەرکەوت و بەرکەوت، رێگە ببرین، هەڵسووڕێین، تێکۆشین و ئارەق بڕێژین. دەبێ ئێمە پێشەسازی، زانست و تێکنۆلۆژی بێنین بۆ لای خۆمان، نەک بە لامزی و وەک سەربار بچین بۆ لای ئەوان. بۆ هەر مرۆڤێک، کەلەوایەکی رماوی خۆماڵی خۆی، لە کاخی خەوەرنەقی بیانی باشترە. خۆم هەر بۆیە لە ئووروویا هاتمەوە.
ئەو کەسانەی کە کێشەی رامیاریان هەیە و ئەگەر بێنەوە بۆ هەر بەشێکی کوردستانی گەورە، گیانیان لە مەترسی دایە، تۆفیران هەیە. کیبۆردەکەی من، رو بەوان لە سەر شاشە کلیک ناکا.
ئەگەر ئێمە لە دیمۆکڕاسی کەڵکی شیاو وەرنەگرین و هەمو رۆژێک هەر گەی و مان بگرین، ئەی کێ کار بکا؟. گەی و مان لە کێ دەگرین؟. نابێ کارێکی وا بکەین، کە دەستەڵاتی کوردستانیش، وەک وڵاتگەلی دیکتاتۆر و فاشیست، مان گرتنن بە گوللە وەڵام بداتەوە. ئەمە هەر دەڵەمەی ئەو کوردستانەیە، کە دایک و داپیر و باب و باپیرمان، بە کوویە خوێنیان بۆ پێکهێنانی رشتوە و دەیرێژن، نابێ ببینە هۆی لاواز بوون و تێکچوونی.
ئەگەر ئێمە بە دڵسۆزی کوردستان ئاوەدان نەکەینەوە و بە جێی بهێڵین، بە وتەی حەزرەتی نالی خاپوور دەبێ و تورکان و. . . دیسان تێی دا دەکەن چەقولوور.
ئەمە قەت بەو مانایە نیە، کە دەبێ لە گەندەڵی، خۆمالێ خۆماڵی و منمنایەتی چاوپۆشی بکەین، یەکێک لە خەباتە سەرەکیەکانمان، دەبێ لە ریشە دەرهێنانی کۆتەی رزیوی گەندەڵی بێ. لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

داهاتوودا، بە نووسراوەیەکی تایبەتیش، باسی گەندەڵ و گەنەدەڵی و ئەرکی سەرشانی بەرپرسانیشتان دەکەم. با بە چەشنی بەرکوڵ بیدرکێنم، کە گەندەڵی وەک شێرپەنجەی لەشی درماوی دۆزی کورد وایە.

تێبینی:

ئەم نووسراوەیە بیرۆکەیەکی تاقە کەسی گشتی خۆمە، لە پێناو باشتر بوون و بەختەوەری کورد دا و سێرەی لە هیج حیزب، تاقم، دەستە و بەرپرس و کەسایەتیەکی تایبەت نیە. بە هیوام کەس زەویر نەکا و بێ سوودیش نەبێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.